# ئێمە هەمیشە لەسەر کەرکووك شەڕی باکووری عێراق دەکەین

**محەمەد عەلی بیراند، تورکیش دێلی نیوز،**

2007/10/30

**سیار محەمەد ساڵح کردوویە بەکوردی**

**لە دەرەوەی سەرنجێکی وا هەیە کە تێکگیرانی نێوان باکووری عێراق و تورکیا لەراستیدا لەسەر پەکەکەی قەدەخەکراوە. بەڵام ئەم دیدو تێڕوانینە دەرەکییە، زۆر هەڵخەڵەتێنەرانەیە. بارزانی کارتی پەکەکە بۆ خۆرزگارکردن لە فشاری تورکیا سەبارەت بە کەرکووك و سەربەخۆیی دەعەمەل دێنێ. هەرچی تورکیاشە، هەوڵ دەدا رێگە لە باکوورێکی عێراقیی سەربەخۆ بگرێ و کەرکووك بەتەواوی نەیێتە ناوچەیەکی کوردنشین.**

**ئێمە هەمیشە لەسەر کەرکووك شەڕی باکووری عێراق دەکەین. هەندێجار، رووداوگەلێکی رۆژانەی وروژێن ئێمە لەگەڵە خۆی راپێچ دەکا، لەبری ئەوەی بتوانین پەرەسەندنەکانی ئەودیوی رووداوەکان ببینین. ئاماژەو هێما بۆ وێستگەکانی شەمەندەفەر هەیە. "سەرنج بدەن! شەمەندەفەرێك، شەمەندەفەرێکی دی پەنا دەدا". لەوانەیە، ئێوە شەمەندەفەرێکی کە بەبەردەمدا رەت بووە ببینن، پاش دوا فارگۆن دەتەوێ بە شەقاوێ لە خەتەکە بپەڕیەوە، هەرهەندە دەزانی شەمەندەفەرێکی دی کە بەپێچەوانەوە دێ لێت دەدا. ئەو شەمەندەفەرەی بەردەممان پەکەکەی هەڵگرتووە. بەپێی دیمەنەکانی شەڕ لەسەر تەلەفزیۆنەکان، رەنگە یەکێ وای بەبیردا بێ کە تەاوی شەڕەکە لەگەڵ پەکەکەیە. ئەوە راستە ئەگەر لە دەرەوە تەماشا بکەی شەڕەکە لەگەڵ پەکەکەیە. بەهەرحاڵ، تەماشای ئەودیوی پرسەکە بکە. ئەوەش تەنیا کاری خەڵکی لێزان و پسپۆڕە. بەڵام پاشان لەو دیوی دیمەنەکە چ دەگوزەرێ؟ با بە باکووری عێراق دەس پێبکەین. دوو هۆی گرینگ سۆنگەی پێداگرتن و لە روو وەستانەوەی بارزانییە تەنانەت ئەگەر نرخەکەی چوونە ناو شەڕ لەگەڵ تورکیاش بێ.**

1- **بارزانی، بە لەروو وەستانی تورکیا و پاراستنی پەکەکە، دەیەوێ نیشانی بدا کە ئەو پێشەوای هەموو کوردی ناوچەکەیە. بۆ ئەمەش چ بکرێ دەیکا. کورد لە تورکیا، ئێران و سوریا بۆ خۆی رادەکێشێت. ئەو بەکردەوە بووە بە ئاڵای کوردان.**
2- **بارزانی هەوڵ دەدا پێشەبڕکە لە تورکیا بگرێتەوە کە دەیەوێ کەرکووك نەیێتە خاکێکی کوردنشین و، بۆ هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کارتی پەکەکە بەکاردێنێ. بارزانی هەوڵ دەدا ئەنقەرە بکا بە داوالێکراو و ئەنقەرە راکێشتە سەر مێز. بارزانی مانۆر دەکا تا گرفت و کێشەی پەکەکە تەنیا لە رێگەی خۆیەوە چارەسەر بکا. بارزانی دەڵێ: "رێگە لە سەربەخۆیی من مەگرن. کەرکووك بۆ من لێ گەڕێن، کارتی پەکەکە فڕێ دەدەم". با سەیر کەین بزانین چ لە مێشکی تورکیا دایە. بەلای ئەنقەرەوە، ئەگەری سەربەخۆبوونی باکووری عێراق و بوون بەخاوەنی نەوتی کەرکووك پەسندکراو نییە.بڕوای وا هەیە کە سەنتەرێکی راکێشان لە باکووری عێراق لەمەودای درێژخایەندا، دەبێ بە مایەی جیابوونەوە لە تورکیا. چونکە:**

- **گەرەکە رێگە لە سەربەخۆیی باکووری عێراق بگیرێ. ئا لەبەر ئەوە پەکەکە پاساوێکی گرینگە. هێزە چەکدارەکانی تورکیا پێیانوایە ئەمە تیرۆریزمی بەم یان بەو شێوەیە دیلێتەوە، تا باکووری عێراق سەربەخۆیی وەدەستدێنێ. ئەودەم هەموو شت لەدەست دەردەچێ. بڕوای وا هەیە کە رێگەگرتن لە باکووری عێراق لەوەی ببێتە سەنتەرێکی راکێشان کارێکی کەس نەکردەیە. لەوەش زێتر، هەروەك ئەنقەرە دەزانێ، کوشت و بڕ بەکۆتا نایەت تەنانەت ئەگەر پەکەکە لە باکووری عێراقیش نەمێنێ، ئەوا تورکیا زێتر گرنگیی بە سەربەخۆیی باکووری عێراق دەدا تا پەکەکە.**
- **ئەنقەرە دژی ئەوەیە کەرکووك تەنیا ببێ بە ناوچەیەکی کوردی و داوا دەکات کە تورکمان-یش جێگەو ماڵ و حاڵیان لوێیە. کەواتە هۆی راستەقینە لەپشت کێشەو تێکگیرانەکە دان. ئەو ئەکتەرەی کە لە ناوەندی مەیدانەکەدایە، پەکەکەیە. بەڵام پەکەکە بە بەردەوامی بەکارهێندراوە. لەکاتێکدا پەکەکە دەیەوێ و هەوڵ دەدا لەو یارییە قازانجێك بکا و جێگەیەك بۆ خۆی وەدۆزێ. هەروەکو تەماشا دەکەین، گەمە لەناو گەمەدایە.**

با بەبیر ئەو کەسانە بینمەوە کە دژی جولەو بزاوی سەربازین، من بەبیر ئەوانە دێنمەوە کە داوای سەربازیی 1ی ئاداری 2003یان رەتکردەوە. زۆر کەس هەن پیلەکە دەکەن کە دەبێ تورکیا لە راست ئەمریکادا توندو رەق بێ، پرو-دەوڵەتییان شالاوێکیان برد. بەو بیانووەی کە شەرەف و کەرامەت و یەکێتیی خاکی تورکیا دەپارێزن، ئەوانەیان شەرمەزارکرد کە راوبیروبۆچوونی پێەوانەیان هەبوو و بەخیانەتکار تاوانباریان کردن. ناسیۆنالیستگەلێکی دژبەری بروابێنەکراویش هەبوون. ئەوانەیش، پیلەکەیان دەکرد کە سەربەخۆیی تورکیا لە دەست دەدرێ، ئەگەر سەربازەکانی ئەمریکی بێنە ناو تورکیا، هەرگیز ناچنە دەرێ و ئەو دەمە دەخوازرێ خەڵکی وڵات شۆرشیان لەدژ بکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە، جەنەراڵ ئایتاچ، فەرماندەی هێزی زەمینی، چووە ریزەکانی ئەوانەی دژی رێگەدانی سەربازی بوون (مەبەست رێگەدان بە ئەمریکا کە لە ناو خاکی تورکیا پەلاماری سەربازیی عێراق بدا- وەرگێر) و وەڵامێکی توندو رەقی فیکرەت بیلای پەیامنێری رۆژنامەی رۆژانەی (میللییەت)ی دایەوە. ئەمە ئەو سەرنجەمان پێ دەدا کە هێزەکانی سوپای تورکیا دژی مۆڵەتدان بە ئەمریکا بوون. بەهەرحاڵ، پاشان زانیمان کە سەرۆکی ئەرکانیی ئەو دەمەی سوپا، حیلمی ئۆزکۆك، بەپێچەوانەوە لەگەڵ مۆڵەتدان بە ئەمریکا بووە، بەڵام چونکە دەنگی گروپێکی دی لەناو سوپادا بڵندتربووە، ئەو دەنگە تەواو ناسازە دروست بووە. مۆڵەتدان، پێکردنی چرای سەوز بوو بۆ هاتنی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بۆ ناو باکووری عێراق، دروستکردنی زۆن و ناوچەیەکی تامپۆن بەدرێژایی سنوور کە ئەمڕۆ ئێمە دەمانەوێ شەڕی لەپێناودا بکەین. ئەنقەرە لە هەر پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی باکووری عێراقدا قسەیەکی هەبووەو بەشێکیشی لەبەر ئایندەی کەرکووك بووە. ئەوانەی ئەمڕۆ بەخۆیان و ئاڵاوە بە شەقامەکاندا دەڕۆن و هاوار دەکەن "حکوومەت لە کوێیە؟ کەنگینێ دەچینە ناو باکووری عێراق؟" پیلەکەیان دژی ئەوانە دەکرد کە پێشان لەگەڵ ئەو فیکرەیەدا بوون (مەبەست رێگەدان بە سوپای ئەمریکا- وەرگێر).

تاکە گروپێك کە پێرەویان لە ئۆپۆزیسیۆنێکی رێکوپێك دەکرد، کورد بوون. کوردەکانی تورکیا لەوە تۆقیبوون کە باری لەناکاو لە باشووری رۆژهەڵات هاوشانی مۆڵەتدان بە سوپای (ئەمریکا) رابگەیەندرێ. لەوەش پتر، پەکەکە پێوابوو هاریکارییەکی وای ئەمریکا- تورکیا مانای کۆتاییهێنانە بەبوونی ئەوان لە باکووری عێراقدا و پشتەوانانی خۆی هاندا. دوا گروپ کە دژایەتی ئەو مۆڵەتپێدانەی کرد، کوردەکانی باکووری عێراق بوون کە بارزانی سەرکردایەتیان دەکا. هەڵبەت، دەکرێ بێ تەجرەبەیی عەبدوڵڵا گویل، پاشان سەرۆکوەزیر و سەرۆکی پارتی داد رەجەب تەیب ئۆردوگان و بێ توانایی ئەو دووانە سەبارەت بە ناچارکردنی گروپ بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی پابەندکارانە، لەنێو هۆکارەکان دابنێین. لەکۆتایی ئەو ئاژاوەو بێ سەروبەرییەدا، تورکیا ئەو لکەی بنە خۆی بڕیەوە کە لەسەری راوەستا بوو. ئەمڕۆ تورکیا هەوڵ دەدا، بەو شەمەندەفەرەی تێپەریوە رابگا. لەوانەیە ئێمە بە شەمەندەفەرەکە بگەینەوە، لێ مسۆگەر بەگران لەسەرمان دەکەوێ. ئەگەر کەسەك بۆ خۆی بەربووبێتەوە نابێ دەست بە گریانێ بکا.